# زیکر و ویردەکانی بەیـانـیان و ئـێـواران

نووسراوە لەلایەن:
موحەمەد سالح ئەلعوسەیمین

بسم الله الرحمن الرحيم

## ئەو زیکر و ویردانەی لە بەیانیان وئێواران دەووترێت

﴿اللَّهُ لا إِلَهَ إِلا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلا نَوْمٌ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلا يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ وَلا يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾[سورة البقرة: 255].

﴿خوا زاتێکە جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر پەرستراوی هەق نیە -جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر شایستەی پەرستن نیە- و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە)، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاوەنیانە، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناکات و هەر ئەو خوایەکی بەرزو بڵند و گەورەیە﴾ ئایەت کورسی [سورة البقرة: 255].



﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ (285) لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلا وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لا تُؤَاخِذْنَا إِنْ نَسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلا تُحَمِّلْنَا مَا لا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (286)﴾[سورة البقرة] .

﴿پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە. (285) خوای گەورە ئەرک ناخاتە سەر هیچ کەسێک مەگەر بە قەدەر توانایی خۆی نەبێت، هەر کارێکی چاک ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتی و هەر خراپەیەکی کردبێت تەنها ئێخەی خۆی دە گرێت و لەسەر خۆیەتی (هەر بۆیە ئیمانداران دەڵێن): پەروەردگارا؛ لێمان مەگرە ئەگەر فەرامۆشیمان بەسەردا هات یان گوناهو هەڵەیەکمان لە دەست قەوما، پەروەردگارا؛ ئەرکی سەخت و کاری گران مەدە بەسەرماندا وەکو ئەوەی داوتە بەسەر ئەوانەی پێش ئێمەدا، پەروەردگارا؛ ئەرکێک مەدە بەسەرماندا لە تواناماندا نەبێت، تووشی بەڵاو ناخۆشیەکمان مەکە تواناو هێزو هەناومان لێ ببڕێت، گوناهمان بسڕەوە و چاوپۆشی بکە لە هەڵەو تاوانەکانمان و دای پۆشە، (داواکارین) بەزەییت بێتەوە پێماندا، ڕەحمان پێ بکە، هەر تۆ پشت و پەناو یاریدەدەری ئێمەیت، جا بۆیە داوا دەکەین سەرمان بخەیت بەسەر قەومی کافرو خوانەناساندا، (ئا بەو شێوەیە پەروەردگاری مەزن فێری نزای ڕێک و پێکمان دەکات، ئومێدە کە لێشمان وەربگرێت..) کاتێک ئایەتی (284) دابەزیووە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەغڵەت بوون و چوون بۆ خزمەتی.. ئەویش فەرموویەتی: بڵێن گوێڕایەڵ و ملکەچین.. ئینجا خوای گەورە ئایەتی (285،286)ی دابەزاند بۆ دڵدانەوەیان). (286)﴾[سورة البقرة] .

(قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ، هەتا کۆتایی سورەتی -الإخلاص-)،

(قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ، هەتا کۆتایی سورەتی -الفلق-)،

(قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ ، هەتا کۆتایی سورەتی -الناس-).

خوێندنەوەی هەر سورەتێک ؛ سێ جار.



ووتنی: (أعوذ بكلمات الله التامات من شر ما خلق)

واتە: (پەنا دەگرم بە [وشەکانی خوای گەورە کە بێ کەموکوڕی وعەیبە -مەبەست قورئانە-] لە هەموو شەڕێک کە دروستی کردووە). سێ جار.

ووتنی: (بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم) واتە: (بەناوی خودا [پەنا دەگرم بە ناوە پیرۆزەکانی خودا] کە بە پەناگرتن بەناوە پیرۆزەکان هیچ شتێک ناتوانێت زیان بگەیەنێت نە لە ئاسمان ونە لە زەویدا، خودا بیسەرە -السميع-ە و زانایە -العليم-ە). سێ جار.

ووتنی: (رضيت بالله ربًّا وبالإسلام دينًا وبمحمد صلى الله عليه وسلم نبيًّا)

واتە: (ڕازی بووم بەوەی کە الله پەروەردگارم بێت، وڕازی بووم بەوەی موحەمەد ﷺ پێغەمبەرم بێت، وڕازی بووم بەوەی کە ئیسلام ئاینم بێت). سێ جار.

ووتنی: (أصبحنا وأصبح الملك لله والحمد لله لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، رب أسألك خير ما في هذا اليوم وخير ما بعده، وأعوذ بك من شر ما في هذا اليوم ومن شر ما بعده، ربِّ أعوذ بك من الكسل والهرم وسوء الكِبَر، وأعوذ بك من عذاب النار وعذاب القبر)

واتە: (بەیانیمان بەسەردا هات، وبەیانی هات هەموو موڵکێک هەر بۆ خوای گەورەیە، وحەمد وسوپاس بۆ خودا، وهیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله، خودا تاکە وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، هەموو شتێک موڵکی ئەوە -ئەو خاوەن هەموو موڵکێکە-، وحەمد وسوپاس بۆ ئەو زاتە، وئەو لەسەر ئەنجامدانی هەموو کارێک توانادارە، خودایە داوای هەموو خێرێکت لێدەکەم کە لە ئەم ڕۆژەدا ڕوودەدات وئەو خێرەش لە پاش ئەم ڕۆژە دێت، خودایە پەنات پێدەگرم لە تەمەڵی -لاوازی-، ولە شەڕ وزیانی بەتەمەن بوون -پیربوون-، وخودایە پەنات پێدەگرم لە سزای دۆزەخ ولە سزای ناو گۆڕ).

ولە ئێوارەدا زیکرەکە وەکو خۆی دەڵێت بەڵام ئەم وشانە دەگۆڕێت: (أمسينا وأمسى الملك لله) واتە: ( ئێوارەمان بەسەردا هات، وئێوارە هات هەموو موڵکێک هەر بۆ خوای گەورەیە)، لەجیاتی ووتنی: (أصبحنا وأصبح الملك لله)، ودەڵێت:(هذه الليلة) واتە: (لەم شەوەدا). لەجیاتی ووتنی: (هذا اليوم).



وهەروەها لە بەیانیدا دەڵێت:

(اللهم بك أصبحنا وبك أمسينا وبك نحيا وبك نموت وإليك النُّشُورُ)

واتە: (خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات، بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین، وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە).

ولە ئێوارەدا دەڵێت:

(اللهم بك أمسينا وبك أصبحنا وبك نموت وبك نحيا وإليك المصير)

واتە:(خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە).

ووتنی: (اللهم ما أصبح بي من نعمة أو بأحد من خلقك فمنك وحدك لا شريك لك فلك الحمد ولك الشكر)

واتە: (خودایە هیچ بەخشش و نیعمەتێک نییە پێمەوە و ڕۆژی لەگەڵمدا کردبێتەوە، یان بە یەکێک لە دروستکراوەکانتەوە، ئەو بەخششە نەبێت، کە لە لاین تۆی تاک و تەنیای بێ هاوەڵەوە نەبێت، هەروەها ستایش و سوپاسیش بۆ تۆیە).

ولە ئێوارەدا دەڵێت: (ما أمسى بي) واتە: (ئێوارەی لەگەڵمدا کردبێتەوە) لەجیاتی ووتنی: (ما أصبح بي).

ووتنی: (اللهم إني أسألك العافية في الدنيا والآخرة، اللهم إني أسألك العفو والعافية في ديني ودنياي وأهلي ومالي، اللهم استر عوراتي وآمن روعاتي، اللهم احفظني مِن بين يديَّ ومِن خلفي وعن يميني وعن شمالي ومن فوقي، وأعوذ بعظمتك أن أُغتال من تحتي)

واتە: (خودایە داوای سەلامەتی و پارێزگاریت لێدەکەم لە دونیا و دوارۆژدا، خودایە داوای لێخۆشبوون و پارێزگاریت لێدەکەم لە ئاین و دونیا و خانەوادە و سامانمدا، خودایە عەیب و ناتەواوی و کەم و کورتیەکانم داپۆشە، خودایە ترس و دڵە ڕاوکێیم مەهێڵە، خودایە پێش و پاش و ڕاست و چەپم پارێزراو بکە لە خراپە و شەڕی شەیتان و بشم پارێزە لە سەرووەمەوە لە بارینی خەشم و قین و غەزەبی خۆت بە سەرمدا، خودایە پەنا دەگەرم بە گەورەییت لەوەی، کە لە ژێرمەوە سزا بدرێم).

ووتنی: (اللهم أنت ربي لا إله إلا أنت، خلقتني وأنا عبدك وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت، أعوذ بك من شر ما صنعت، أبوء لك بنعمتك عليّ، وأبوء بذنبي، فاغفر لي فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت)

واتە: (خودایە تۆ پەروەردگارمیت و هیچ پەرستراوێکیش نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە تۆ، دروستت کردووم و منیش بەندەی تۆم، خودایە من لەسەر پەیمان و بەڵێنەکەی خۆم، کە بە تۆم داوە تا چەندە لە توانامدا بێت ، خودایە پەنات پێدەگرم لە شەڕ و خراپەی ئەوەی، کە ئەنجام داوە، خودایە دان بەوەدا دەنێم، کە تۆ بەخشش و نیعمەتت بەسەردا ڕشتووم، دانیش بە تاوانەکانمدا دەنێم و داوای لێخۆشبوونت لێ دەکەم، هیچ کەسێکیش لە تاوانەکان خۆش نا بێت جگە لە تۆ -چونکە بەڕاستی خۆشبوون لە تاوان بەس تەنیا شایستەی خودایە-).

ووتنی: (اللهم فاطر السماوات والأرض، عالم الغيب والشهادة، ربَّ كل شيء ومَلِيكه، أشهد أن لا إله إلا أنت، أعوذ بك من شر نفسي ومن شر الشيطان وشركه وأن أقترف على نفسي سوءاً أو أجُرَّه إلى مسلم)

واتە: (خودایە ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، زانا بە شتە پەنهانی و ئاشکراکان، ئەی پەروەردگار و پادشای هەموو شتێک، شایەتی دەدەم بەوەی کە هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە جگە لە تۆ، خودایە پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی نەفس و دەروونم، هەروەها لە خراپە و شەڕی شەیتان و ئەوە بانگەشەی بۆ دەکات لە شەریك بڕیاردان، کە دەروونم هانم بدات بۆ ئەنجام دانی خراپەیەک، یان خراپەیەک بەرامبەر موسوڵمانێک بکات).

ووتنی: (اللهم إني أصبحت أُشهدُك وأشهد حملة عرشك وملائكتك وأنبياءك وجميع خلقك بأنك أنت الله لا إله إلا أنت وأن محمدًا عبدك ورسولك)

واتە: (خودایە بەیانی بەسەرمدا هات و شایەتیت بۆ دەدەم و ئەوانەیش، کە عەرشەکەی تۆیان هەڵگرتووە شایەتیت بۆ دەدەن و فریشتەکان و پێغەمبەران وهەموو دروستکراوەکانت شایەتیت بۆ دەدەن، کە بەڕاستی تۆ - الله - یت و هیچ پەرستراوێکیش شایستەی پەرستن نییە جگە لە تۆ، تاک و تەنهایت و هیچ هاوەڵ و شەریکێکیشت نییە، هەروەها شایەتیش دەدەن کە موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- بەندە و نێردراوی تۆیە).

ولە ئێوارەدا دەڵێت: (اللهم إني أمسيت... هەتا کۆتایی) واتە: (خودایە ئێوارەم بەسەردا هات) لەجیاتی ووتنی: (اللهم إنى أصبحت). چوار جار.



ووتنی: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير)

واتە: (هیچ پەرستراوێک نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە - الله -ی تاکی بێ هاوەڵ نەبێت، موڵک و سامانەکان و ستایش بۆ ئەوە، ئەویشە، کە بە توانایە بەسەر هەموو شتێکدا). سەد جار ؛ لە بەیانی یان ئێوارە.

ووتنی: (حسبي الله لا إله إلا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم)

واتە: (خودام بەسە لەهەموو کاروبارێکمدا، و هیچ پەرستراوێکیش نییە کە شایستەی پەرستن بێت جگە لە ئەو نەبێت، و پشت و تەوەکولم بە ئەو بەستووە و ئەو پەروەردگاری عەرشی گەورەیە). حەوت جار.

ووتنی: (سبحان الله وبحمده)

واتە: (پاک وبێگەردی بۆ خوای گەورە وحەمد وستایش بۆ ئەو زاتە).

(سەد جار) لە بەیانی یان ئێوارە، یان هەردوویان.

ووتنی: (أستغفر الله وأتوب إليه)

واتە: (داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکەم ودەگەڕێمەوە بۆ لای بە تەوبەکردن). سەد جار.

هێندە توانرا بنووسرێت، داواکارم لە خوای گەورە بیکاتە هۆکاری سوود پێگەیاندن.

نووسراوە لەلایەن:

موحەممەد صالح العثيمين

لە 20-1-1418 ك .



تنشر الإسلام بأكثر من 100 لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com
موسوعة تضم تفاسير وتراجم موثوقة لمعاني القرآن الكريم

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com
موسوعة تضم ترجمات للأحاديث النبوية وشروحها بعدة لغات

بيان الإسلام
Bayan AL-Islam
تعرف على الإسلام

رقم الإيداع: 1445/22368

Ku312-t3

مؤلفات فضيلة الشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين رحمه الله تعالى | بيان الإسلام Bayan AL-Islam | جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

الأذكار التي تقال صباحا ومساء - **كردي سوراني**

# زیکر و ویردەکانی بەیانیان و ئێواران

نووسراوە لەلایەن:

موحەممەد ساڵح ئەلعوسەیمین

بيان الإسلام Bayan AL-Islam | مؤلفات فضيلة الشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين رحمه الله تعالى | المحتوى الإسلامي